به دڵنیاییەوە هەندێك فیتنە وئاشووب ڕوودەدەن، پاشان فیتنەیەك ڕوو دەدات ئەوەی تێیدا دانیشتووە خێرترە لەوەی تێیدا ڕێ دەکات، وئەوەی تێیدا ڕێ دەکات خێرترە لەوەی تێیدا بە خێرایی دەڕوات

لە عوسمانی شەحامەوە دەڵێت: من وفەرقەدی سەبەخی ڕۆیشتین بۆ لای موسلیم کوڕی ئەبی بەکرە لەکاتێك ئەو لە نێو زەویەکەیدا بوو، چووینە ژوورەوە بۆ لای، ووتمان: ئایا بیستووتە باوکت هیچ فەرموودەیەك بگێڕێتەوە سەبارەت بە فیتنەکان؟ ووتی: بەڵێ، بیستوومە ئەبا بەکرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «بە دڵنیاییەوە هەندێك فیتنە وئاشووب ڕوودەدەن، پاشان فیتنەیەك ڕوو دەدات ئەوەی تێیدا دانیشتووە خێرترە لەوەی تێیدا ڕێ دەکات، وئەوەی تێیدا ڕێ دەکات خێرترە لەوەی تێیدا بە خێرایی دەڕوات، ئەگەر دابەزی یان ڕوویدا وئەوەی وشتری هەبوو با بچێت بۆ لای وشترەکانی، وئەوەی مەڕومااڵتی هەبوو با بچێت بۆ لای مەڕومااڵتەکانی، وئەوەی زەوی هەبوو با بڕوات بۆ لای زەویەکەی»، پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، چی سەبارەت بەو کەسەی کە نە وشتر ونە مەڕومااڵت ونە زەوی هەیە؟ فەرمووی: «شمشێرەکەی دەهێنێ ودەمەکەی دەدات بە سەر بەرددا، پاشان هەڵدێت ئەگەر توانی خۆی دەرباز بکات، ئەی خودایە ئاگاداری کە پێیانم گەیاند؟ ئەی خودایە ئاگاداری کە پێیانم گەیاند؟ ئەی خودایە ئاگاداری کە پێیانم گەیاند؟»، پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر بە ناچاریەوە حەزم نەکرد هەتاوەکو خرامە نێو ڕیزی یەکێك لە دوو کۆمەڵەکە، یان دوو لایەنەکە، وپیاوێك بە شمشێر لێمی دا، یان تیرێك هات وکوشتمی؟ فەرمووی: «گوناهی خۆی وتۆیش هەڵدەگرێت، ولە نیشتەجێبووانی دۆزەخ دەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

عوسمانی کوڕی شەحام وفەرقەدی سەبەخی پرسیاریان لە موسلیم کرد، کە کوڕی هاوەڵی بەڕێز ئەبی بەکرەیە -ڕەزای خوای لێبێت- : ئایا هیچ فەرموودەیەکی بیستووە کە باوکی بیگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە فیتنە وئاشووب وکوشتار کە ڕوودەدات لە نێوان مسوڵمانانداا؟ ئەویش ووتی: بەڵێ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕایگەیاندووە کە لە پاش مردنی ئەو فیتنە وئاشووب ڕوودەدەن، وئەم فیتنانە ئەوەی دانیشتووە وبێ ئاگایە وبەرەو ڕوویان ناچێت وبە دوایان ناگەڕێت خێرترە لەوەی تێیاندا ڕادەکات، وئەوەی تێیاندا ڕادەکات خێرترە لەوەی بە خێرایی دەڕوات لە نێویاندا وبە دوایاندا دەگەڕێت وبەشداریان تێدا دەکات. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی ئەو کەسەی کرد کە فیتنەکە لە سەردەمی ئەودا دادەبەزێت یان ڕوودەدات؛ ئەگەر شوێنێکی هەبوو خۆی تێدا پەنا بدات با وا بکات، ئەوەی وشتری هەبوو ودەیانی لەوەڕاند با بڕوات بۆ لای وشترەکانی، وئەوەی مەڕومااڵتی هەبوو ودەیانی لەوەڕاند با بڕوات بۆ لای مەڕومااڵتەکەی، وئەوەی زەوی وکێڵگەی هەبوو با بچێتە بۆ لای زەویەکەی. پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی چی سەبارەت بە کەسێك کە شوێنی نەبوو خۆی تێدا پەنا بدات و وشتر و مەڕومااڵت وزەوی نەبوو؟ فەرمووی: با چەکەکەی بگرێت وبیدات بەسەر بەردێکدا وچیتر بە کەڵکی بەکارهێنان نەیەت، پاشان ڕا بکات وخۆی ومنداڵەکانی ڕزگار بکات ئەگەر توانی. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سێ جار شاهێدی دا وفەرمووی: ئەی خودایە ئاگاداری کە پێیانم گەیاند؟ ئەی خودایە ئاگاداری کە پێیانم گەیاند؟ ئەی خودایە ئاگاداری کە پێیانم گەیاند؟ پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی چی سەبارەت بەوەی ئەگەر ناچار کرام بە بەشداری لەگەڵ یەکێك لە دوو کۆمەڵەکە، یان دوو لایەنەکە، وپیاوێك بە شمشێر لێمی دا، یان تیرێك هات وکوشتمی؟ فەرمووی: گوناهی خۆی وتۆیش هەڵدەگرێت ئەوەی تاوانی کوشتنی ئەنجامدا، ولە ڕۆژی قیامەتدا لە نیشتەجێبووانی دۆزەخ دەبێت.